حەسودی مەبەن، ونەجش^ لەیەکتری مەکەن، وڕقتان لەیەک نەبێتەوە، ولەیەک دامەبڕێن، وبا هیچ یەکێک لە ئێوە مامەڵە نەکات بەسەر مامەڵەی کەسێکی ترتانەوە، وهەموو ببنە بەندەی خوا وبرای یەکتر

لە ئەبی هوڕەیڕەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- دەفەرموێت: «حەسودی مەبەن، ونەجش^ لەیەکتری مەکەن، وڕقتان لەیەک نەبێتەوە، ولەیەک دامەبڕێن، وبا هیچ یەکێک لە ئێوە مامەڵە نەکات بەسەر مامەڵەی کەسێکی ترتانەوە، وهەموو ببنە بەندەی خوا وبرای یەکتر موسوڵمان برای موسوڵمانە، وستەمی لێناکات، ودەستی لێبەرنادات، وبەکەم سەیری ناکات وتەقواداری لێرەدایە»، وسێ جار ئاماژەی کرد بۆ سینگی، وفەرمووی: «بەسە بۆ مرۆڤ هێندە لە شەڕ وخراپە کە برای موسوڵمانی خۆی بە کەم بزانێت، هەموو شتێکی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان حەرامە، خوێنی، ماڵی، نەفس وناموسی -کەسایەتی-». ^(نەجش واتا: زیاد کردنی نرخی شتومەک لەبەر ڕەواج پێدانی لەکاتێکدا نایەوێت بیکڕێت)

[سەحیح - ڕاست)] [(مسلم) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئاموژگاری موسوڵمان دەکات کە چۆن بێت لەگەڵ برای موسوڵمانی، و هەندێک لە حەق ومافی موسوڵمانانی لەسەر یەکتر ڕونکردەوە؛ لەوانە: ئاموژگاری یەکەم: حەسودی مەبەن بەواتای ئاوات خواستن دێت بە نەمانی ئەو ناز ونیعمەتەی دراوە بە برا موسوڵمانەکەت. دووەم: نەجش لەیەکتر مەکەن؛ نەجش بە واتای زیاد کردنی نرخی کاڵا دێت لەکاتێکدا نایەوێت بیکڕێت، تەنها مەبەستی لەم کارە سوود گەیاندنە بە فرۆشیار، وزیاندانە لە کڕیار. سێیەم: ڕقتان لەیەک نەبێت؛ چونکە سەرەنجامەکەی وێستی زیان دانە بە بەرانبەر ودژی خۆش وێستنیەتی، مەگەر ڕق لێبوون لە پێناو الله دا بێت، ئەوا لەم حاڵەتەدا واجبە. چوارەم: پشت لەیەک مەکەن؛ بەشێوازێک هەریەکێك پشت لە براکەی بکات وپشت گوێی بخات و قسەی لێ داپڕێت. پێنجەم: مامەڵە بەسەر مامەڵەی براکانتان مەکەن بەوەی بووترێت بە کڕیار: من هەمان شێوەی ئەو شتومەکەم لایە وبە نرخێکی کەمتر، یان چاکتر و بەهەمان نرخ. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- ئاموژگارییەکی گشتی فەرموو: وهەمووتان ببنە برای یەکتر بە وازهێنان لەو شتانەی باسکران لە نەهی لێکراوەکان، وبە بەخشینی خۆشەویستی و نەرمو نیانی ودڵسۆزی ودڵڕاگرتن وکۆمەکی لە خێردا، لەگەڵ پاکی دڵ وبوونی ئاموژگاری لە نێوانتاندا لە هەموو کاتێکدا. ولەداخوازی ئەم برایەتییە: ستەم لەبرای موسوڵمانی نەکات و سنوری نەبەزێنێت. و واز لەبرای موسوڵمانی نەهێنێت کە ستەمی لێبکرێت وسەری نەخات وپشت گوێی بخات؛ لە کاتێکدا دەتوانێت سەری بخات و ڕێگر بێت لە ستەم لێکردنی. و بەکەمی نەزانێت و بەچاوی سوک وتوانجەوە سەیری نەکات؛ ئەم کارەیش سەرەنجامی خۆبەگەورەزانین ولووتبەرزییە. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- سێ جار ڕوونی کردەوە کە تەقوا لە دڵدایە، وهەرکەسێک تەقوا هەبێت لە دڵیدا ئەوا موسوڵمان بەکەم سەیر ناکات -چونکە بوونی تەقوا وا دەخوازێت ڕەوشت جوانی، وترسان لە الله و هەست کردن بە چاودێری الله ی لەخۆ گرتبێت-، وبەسە بۆ کەسێک لە خووە خراپەکان وڕەوشتە ناشیاوەکان کە برا موسوڵمانەکەی بەکەم سەیر بکات، وهیچ کەس وا نابێت مەگەر خۆ بەگەورەزانین لە دڵیدا هەبێت. پاشان پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- جەختی کردەوە لەسەر هەموو ئەوانەی باسکران بەوەی هەموو شتێکی موسوڵمان لەسەر موسوڵمان حەرامە: خوێنی؛ بەوەی بیکوژێت یان بریندار بکات یان لێی بدات وهاوشێوەکانی، وماڵی؛ بەوەی لێی ببات بە بێ حەق، وناموسی؛ بەوەی لۆمەی بکات یان لۆمەی پێگە وڕەچەڵەکی بکات.